
# شانۆکاری کەرکوك و یۆتۆپیای ڕابردوو

**نیهاد جامی**



ئەو باسە بەرەو کوێ دەمانبات؟ ئایا شەڕکردنە لەسەر ساتەوەختێکی هەنووکەیی؟ یا گەڕانەوەیە بەرەو یۆتۆپیاکانی ڕابردوو؟ ڕابردووی ئێمە لەکوێ دەست پێ دەکات و لە کوێ قۆناغێکی نوێ لەکاری شانۆییمان سەر هەڵ دەدات؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن هەوڵ دەدەین لەڕێگەی ئەو ووتارەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

بەڵام بەر لەوە پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت، پێناسێك بۆ چەمکی شانۆکاری کەرکوکی بکەین، ئەو شانۆکارە لەڕوانگەی ئێمەوە بەشێکە لە شانۆکاری کورد، لەبنەڕەتیشدا ئەو کائینە بریتیە لەهەر ئەکتەر و دەرهێنەر و ڕەخنەگرێك کە بەشداری لە گوتاری شانۆیی ئەو شارەدا دەکات، ئەو گوتارە پێویستی بە پرۆژەیەکی بەردەوام هەیە، بەڵام پرۆژەی بەردەوام لەلای ئێمە بۆ چەمکی شانۆکار بەهەند وەرناگیرێت، بەهۆی ئەوەی ئەوانەی لەڕابردوودا دەرکەوتوون و ئێستا بیانوو بۆ بەردەوام نەبوونیان دەدۆزنەوەو لەبۆنەکانیشدا ناویان هەر شانۆکارە، ئەوانە لەبڕی پرۆژەی بەردەوام لەناو یۆتۆپیای ڕابردوودا دەژین، ئێستا بەلایانەوە بەرهەمی ئەو یۆتۆپیاییە، یۆتۆپیایەك حیکایەتی مردنی ساتەوەختێکی زەمەنیە بەهۆی ئەوەی سەرەتاکانی کارکردن نەیتوانیووە زەمینە بۆ شانۆیەکی ئەزموونی بخوڵقێنێت، شانۆیەك خەمی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی هەبێت، بۆیە حیکایەتخوانەکانی ئەو یۆتۆپیایە ناتوانن لەناو زەمەنی نوێی شانۆکاری کەرکوك هەست بە زیندەگی بکەن، هەریەکەیان بەناوی گروپ و تیپی جیاوازەوە ڕووبەرێکی خەیاڵاویی بۆ ناو حیکایەتەکانی درووست کردووە، بێئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت ئەو خەیاڵە بکەنە واقیع و کاربکەن، کەچی دەیانەوێ بەهەموو شێوەیەك دژایەتی زەمەنی ئەفراندنی شانۆکارە جدیەکان بکەن، ئەو شانۆکارانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی بەرەو پرۆژەیەکی شانۆیی چوونە کە پرۆژەیەکی جیاواز بێت لەوانی پێش خۆیان، هەروەك چۆن هەمیشە ئەزموونگەرەکانی شانۆ بریتی بوونە لە گەنجان دیسان شانۆکارە ئەزموونکارەکانی کەرکوکیش بریتین لە گەنجانی عاشقی شانۆ کە بەرەو پانتاییەکی جیاوازی کارکردن دەستیان پێکردووە. دیارە ئەوەی وەك پێویستیەکی ئەو دۆخە سەیری بکەین نووسین و تێکستی نووسراوە لەبارەی ئەو پرۆژە ئەزموونکاریەوە کە ئێمە لەڕابردوودا قوربانی ئەو دۆخە بووینە چ بۆ ئەزموونی شانۆییمان یا بۆ چۆنیەتی سەرەتاکانی کارکردنی شانۆکاری کەرکوکی، تەنانەت ئەوانەی لەناو یۆتۆپیاکانی ڕابردووش نووقم بوونە دواجار تێکستێکی نووسراویان نیە بۆ ئەوەی لەسەر چۆنیەتی کارکردن و گەشەسەندنی ئەو ڕابردووە ئاشنامان بکەن، ئەگەر تێکستی لەم شێوەیەمان هەبوایە ئەمرۆ باشتر دەمانتوانی ئەو تێکستە بخوێنینەوە و ئاستە لاواز و

نووشست و سەرکەوتنەکانی لەو قۆناغەدا دەست نیشان بکەین، دواجار دەمانتوانی رابردووی پێ بێنینە دوان، بۆیە ئەوەی ئێستا بۆ ڕابردوو هەمانە تێکستێکی نووسراو نیە هێندەی حیکایەتی زارەکی ئەو کارەکتەرانەیە کە لەو رۆژگارەدا کاری شانۆییان ئەنجام داوە، بێئەوەی بزانین تاچەند توانیویانە هەستی جوانکاری بۆ شانۆ و کاریگەری لەسەر دوای خۆیان بەجێ بێلن کە ئەوەیان تاڕادەیەکی زۆر جێگەی گومانە، ئێمە نووسینێکمان نیە لەناو یۆتۆپیاکانی رابردوو پێمان بڵێت بنەما سەرەتایەکانی ئێمە لە ڕابردوو دەستی پێکردووە، بەڵکو ئەوەی هەمانە نوزەو هاوار و گلەیی دەنگی حیکایەتخوانە، دەنگێك سەرەتاکان بۆخۆی کورت دەکاتەوە، ئێستاش بە پەراوێزی خۆی دەزانێت، کە ئەوە جگە لە دیکتاتۆریەتێکی لە کاغەز درووست کراو زیاتر نیە کە باوکێك لە قاقووشی (کۆلارە) بۆ منالەکەی درووستی کردبێت، بەلام منالەکە بە گالتەوە سەیری بکات و پێی بلێ "جا ئەوە هەموو دەزووی دنیای پێوە یکەیت ناتوانی بستێك بۆ ئاسمان بفڕێت" ڕابردووش لەبەرامبەر ئەزموونی شانۆیی نەوەی نوێ توانای کرانەوەو زیندەگی نیە، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە ڕەتیان دەکەینەوە، بەڵکو ڕابردووەکە خۆی ئەوە نەبووە کە ئیشی لەسەر بکرێتەوە.

نووسینێکی کۆنمان بۆ نەماوەتەوە، ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونگەری لە شانۆی کەرکوك بکات، بەڵکو هەر قسەکردنێك لەو مێژووە نەچۆتە ناو پرۆسەی نووسینەوە، هێندەی لەئاستی قسەکردن دەربازی نەبووە، ئەوانەش توانای سەرچاوەی ڕەگ و ڕیشەییان نیە، چونکە دواجار نەبوونەتە تێکست بۆ خوێندنەوە. هەر کاتێ تێکستێکمان نەبوو تابمانگەرێنێتەوە بۆ سەرەتاکان و چۆنیەتی ئەزموون و ئاستی شانۆکەمان، مانای وایە ئێمە لە ڕابردوودا خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نین، بەڵکو ئاشنابوونی ئێمە بە شانۆ دەگەرێتەوە بۆ نمایشکردنی چیرۆکی گرفتە کۆمەلایەتیەکان لە بەرگێکی پێکەنیناویدا. ئەوە سڕینەوەی هەوڵی کەسانی بەر لەخۆمان نیە، هێندەی دۆزینەوەی ئاستی پێشڤەچوونی شانۆکەمانە، دیارە گەر پەنجاکان سەرەتای ئاشنابوونی کەرکوك بێت بە شانۆ، ئەوا نەنگی و خەوشی تیا نیە کە ئێمە درەنگ شانۆی ئەزموونگەری بناسین، حەفتاکان بۆ ئێمە سەرەتای شانۆی ئەزموونی نەبووە، بەڵکو لە دایکبوون و گەشەسەندنی شانۆ بووە، بەتایبەتی بەدوای تۆمارکردنی شانۆگەریەکان بۆ تەلەڤزیۆن، ئەوەی بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئەو بەرهەمانە ئەوە نمایشکردنیان نەبووە وەك کارێکی شانۆیی، بەڵکو دەرکەوتنیان بووە وەك بەرهەمی تەلەڤزیۆنی.

هەموو ئەو شانۆکارانەی کە عەشقی شانۆ لەلایان گەورەتر بووە لەئارەزووی ناسین لە شاشەی تەلەڤزیۆن، ناچار بوونە بەدوای شانۆی جدی بگەڕێن، ئەوەشیان لە کەرکوك دەست نەکەوتوە، بۆیە بە ناچاریش بێت شارەکەیان بەجێ هێشتووە، ڕوویان کردۆتە شارەکانیتر. لەوێ توانیویانە وەك ئەکتەر و دەرهێنەر لە دیارترین هەوڵەکانی شانۆی کوردی ئەو سەردەمە دیار بن، بەتایبەت ڕۆڵ و جێپەنجەیان لە تیپی نواندنی سلێمانی.

بەجێ هێشتنی شانۆکاران لەلایەك و لەلایەکیتریش لەگەل کۆتایی دەیەی حەفتاکان بەعس بە بەرنامە داڕێژراوی کاری بۆ ڕێگەگرتن کردووە لەهەوڵی شانۆکارانی جدی، ئەوە لەکاتێکدا لە

شارەکانیتر دەرفەتی ئەوەی بۆ شانۆکاران کردەوە کە ڤیستڤاڵی شانۆیی ساڵانە ساز بکەن، هەمیشە شانۆکارانی کەرکوك لەدەرەوەی سەرجەم هاوکێشە شانۆییەکان بوونە، بۆیە شانۆ لە کەرکوك لەو کاتەدا لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی لەلایان دامەزراوی وەك نەقابەی هونەرمەندانەوە، بەڵام شانۆی کوردی لەو شارەدا دراوەتەوە دەست گروپی ئاست نزم، بەهۆی ئەوەی شانۆکارە جدیەکان لەو ڕۆژگارەدا گۆڕەپانەکەیان بەتەواوی چۆل کردووە، بۆیە بەناوی شانۆی کۆمیدی نمایشی ئاست نزم بەرهەم هاتووە، دیارە ئەوەش بۆ کەمکردنەوە نیە لە ڕۆڵی گروپە شانۆییەکان، کە هەمیشە ویستویانە شەڕی مانەوەی شانۆی کوردی لە کەرکوك بکەن، ئەوەی ئەمرۆ لەو قۆناغە نوێیەی ئەم شارە بەرهەم هاتووە، خاڵی نیە لە هەوڵی ئەوانەی بەردەوام بوونە لەسەر کارکردن بە کوردی و زەمینەیەکی پتەویان بۆ ئەمڕۆ بنیاتناوە، بەڵام بەداخەوە زەمینەیەکە خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نیە، چونکە بوونی چەند نەتەوەیەك لەم شارەدا وایکردووە، شانۆ لە کەرکوك بریتی بێت لە شانۆی کوردی و شانۆی عەرەبی و شانۆی تورکمانی، ئەگەرچی هەریەك لەو ناونانە هەڵەی گەورەبن، بەڵام هەڕەشەی سڕینەوەی نەتەوە لەلایان دەوڵەتەوە، وایکردووە ئامادەبوونی نەتەوە وەك چەکی مانەوە سەیر بکرێت. کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی بەعس هاتنی قۆناغێکی نوێ بوو لە شانۆی کەرکوك، دابڕان بوو لەتەك قۆناغی پێشوو، بەوەی ئیدی گرفتی مانەوەی زمان و پارێزگاریکردن لە کێشە کولتوریەکان بەتەنیا لە ئەستۆی شانۆدا نیە، دەکرێ شانۆ ئەو ئەرکە بدات بە دەزگا کولتوری و فەرهەنگیەکانی ترەوە، بەڵام نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشنبیری شانۆیی تا ئەو ساتەوەختەش توانای قبووڵ کردنی ئەو تێگەیشتنەی نیە، ئاخر چۆن دەتوانین داوا لە شانۆکاران بکەین با واز لە کێشەکانی کوردبوون لە شانۆدا بێنن، لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکەن کە توند و تیژیی ئامادەیی هەیە و ڕۆژانە تەقینەوەکان بەرۆکمان دەگرن. ئەوەش مانای وایە بەدرێژایی مێژووی کارکردنی کەسی شانۆکار لەو شارەدا نەیتوانیووە شانۆ وەك دامەزراوێکی کولتوری و مەعریفی سەیر بکات، بەڵکو شانۆ ڕووبەرێك بووە بە مەبەستی کات بردنە سەر و خۆ بەتاڵکردنەوە لە هەستە چەپێنراوەکانی، بۆیە هەمیشە ویستویانە شانۆ وێنەیەکی کۆپی کراوی ناو ژیانی ڕۆژانە بێت، گرنگی بەوەش نەدراوە کە ئاستی هونەری و تەکنیکی شانۆیی نەك هەر لاوازبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بینەر لەبەردەم کۆمەڵێك نوکتە و ئامۆژگاری و وەعز بووە، بۆیە لەو قۆناغە نوێیە شانۆکاری ئەم شارە ناتوانێ دابڕان لەتەك ڕابردوو درووست بکات، چونکە توانای خوڵقاندنی ئەزموونی نوێ و بەگژداچوونەوەی نیە لەتەك چێژی بۆ ژیان، ڕووخانی پەیکەرەکانی تەمەنی درێژترین و خوێناویترین دیکتاتۆر بەچاوی خۆی دەبینێت، بەلام ناتوانێ ڕووخانی پەیکەرە مت بووەکانی عەقڵی خۆی قبووڵ بکات.

ئەوە بینەر نیە نایەوێ بگۆڕێت، بەڵکو ئەوە شانۆکارانن توانای قبووڵ کردنی تازەگەریان نیە، چونکە گومان کردن لە ڕابردوو پێویستی بە تێڕامان و خوێندنەوە و پرسیارە، پرسیار لەوەی ڕابردووی ئێمە چی بووە؟ ئێمە لە ڕابردوودا چیمان کردووە؟ گومان نەکردن لەو ڕابردووە مانای مانەوەمانە لەناو خاڵی سفر، ئەوەش بە شانۆکاری ئەزموونکار قبووڵ ناکرێت، تەنیا ئەوانە

قبووڵیانـە کـە بـە پیـشە شـانۆکاریان بـۆ ماوەتـەوە، دەسـاڵ جـارێکیش لـە کـارێکی شـانۆیی دەرناکەون، بۆیە ئەو واقیعە مردووەی شانۆیان قبووڵە، قبووڵیانە شانۆکەیان مردوو بێت، ئـەوان لە یادەکاندا لە ڕیزی یەکـەمی هۆڵـەکان دابنیـشن و ناویـان شـانۆکار بێـت و بەسـەروەری بـاس لـە حـەفتاکان بکـەن، بێئـەوەی بزانن ئـەوان ئێـستا لـە سـەدەی بیـست و یەکدا دەژیـن، بـوونی ئـەوان واتای چی دەگەیەنێت؟ شوناسی بوون وابەستە نیە بە ڕابردوو، بەڵکو شـوناس توانـای ئـەوەی نیـە بەتـەنیا ڕابـردوو بەرهـەم هێنـەری بێـت، شـوناس خەسـڵەتێکی گومانـای هەیـە، خەسـڵەتێك پرسـیاری ئـەوە ئاراسـتەی شـانۆکار دەکـات، کـە ڕابـردوو چ کاریگەریـەکی لەسـەر هەوڵـەکانی هەنووکە بەجێ هێشتووە، کاتێ توانـای هـیچ کاریگەریـەکی نـەبووە، مانـای وایـە ڕابـردووی ئێمـە لەشانۆدا ئاشنابوون بووە بەو هونەرە، نەك ئەزمونکردن لە شانۆدا.

زەوتکردنی شوناس دەلالەت نیە بۆ شوناسی شانۆ، بەڵکو زەوتکردن لەناو دەلالـەتی کۆمەڵایـەتی دەربـازی نـەبووە، چـونکە شـوناس لـەناو چـەمکە مەعریفیەکـەی لـە شـانۆدا بـەکارمان نـەهێناوە، کەوتنە خوارەوەی پەیکەری جەللاد دەبێ ئاشـنابوون بێـت بـە مەعریفـە، بـەوەی شـانۆ لـە هەسـتی چـەپێنراو بگوازینـەوە بـۆ پرۆسـەیەکی مـەعریفی، چـیدی دەسـەڵاتێك نیـە ببێـت بـە بەربەسـت لەبـەردەم شـانۆی ئێمـەدا، بـەڵام ئـەو دۆخـە نوێیـە بـۆ نـەیتوانی شـانۆ ئـازاد بکـات؟ ئـازادبوون گەڕانەوەیـە بـۆ سەرچـاوە دانـسقەکان و هێنـانی ئـەزمونکارانی شـانۆ، ئاشـنابوونمانە بـە تیـۆرە نوێیەکانی شانۆ، ئەوەش پێویستی بە پرۆژەیەکی شانۆیی هـەبوو، پرۆژەیـەك دەبـوو لـە تیپێکـی ئـەزموونکاری کـاری بـۆ بکرێـت، ئـەوە لـە کاتێکدا یۆتۆپیاکـانی ڕابـردوو پـاك نەکرابوونـەوە لـەو هەموو دەمامکەی بەناوی تیپی شانۆیی هەبوو، ئەوە سەرەڕای کردنەوەی دوو پـەیماگای هونـەرە جوانەکان، جارێ با پرسیاری ئـەوە بکـەین کـە بۆچـی کردنـەوەی دوو پـەیمانگا نـەیتوانی دابـڕان لەتەك ئەو ڕابردووە درووست بکات؟ بۆ دەبێت ئەوە بەرنامـەی تیپێکـی شـانۆیی بێـت و پـەیمانگا ئەو کارە لە ئەستۆ نەگرێت؟

پەیمانگای هونەرە جوانـەکان دەیتـوانی پـرۆژەی گـۆڕان لـە شـانۆدا لەئەسـتۆ بگرێـت، بـەو پێیـەی پـەیمانگا بەرپرسـە لـەوەی بـەپێی بەرنامەیـەکی ئـەکادیمی خوێنـدکار پـێ ڕابگەیـەنێت، بـەڵام وابەستەبوونی ڕاستەوخۆی پەیمانگا بە حزبەوە، ئەو ناوەندەی کرد بـە ئۆرگـانێکی تـری حـزب، حـزب کادیرەکـانی خـۆی بـردە پێـشەوە، بـەو کـارەش بەشـێکی گـەورەی پـرۆژە و خەونـەکانی کوشت، چونکە ئەو شوێنەی کرد بە ڕووبەرێك بۆ مومارەسـەکردنی دەسـەڵات و کـۆنترۆڵ کردنـی پەیوەندیەکان و سزا بەخشین بە هـەر خوێنـدکارێك کـە لـەدەرەوەی ئـەو سیـستمەوە بێـت، لـەپاڵ ئەوە ئەو سیستمە تا ئەو ساتەوەختەش نەیتوانیووە مەعریفە بەرهەم بێنێت، چونکە کادیرەکانی توانای ئەوەیان نیە، بەڵکو مامۆستاکانیش وەکو خوێندکارەکان پێویستیان بە شارەزا و پسپۆرە کە مەعریفەی شانۆییان پێ بڵێت.

ئـەو دۆخـە ترسـناکە بـووە هـۆی ئـەوەی پـەیمانگا نـەتوانێ ووزە شـاراوەکان بتەقێنێتـەوە، بـەڵکو زۆربـەی ووزەکـانی کوشـت، بـەهۆی ئـەوەی لەخـەمی شـانۆییەوە گۆڕییـانی بـۆ خـەمی خوێنـدن، ئاسـتی لاوازی بەرهـەمی مامۆسـتاکان گـرفتێکیترە، بـەهۆی ئـەوەی ئـەوان نـەیانتوانی چێـژێکی

جیاواز بۆ شانۆ لای نەوەی نوێ دروووست بکەن، پەیمانگا تا ئێستاش توانای ئەوەی نیە خوێندکار بە سەرەتاکانی شانۆ ئاشنا بکات، ئەوەی هەیە مەعریفەیەکی زۆر کۆن و تۆز لێنیشتووی باوە، مامۆستاکان جورئەتی ئەوە ناکەن چەند بەرهەمێکی کلاسیکی بۆ خوێندکاران دەربهێنن، چونکە مامۆستاکان جاریێ خۆیان خەون بەوە دەبینن وەك ئەکتەر لەو بەرهەمانە دەربکەون، بۆیە ئەو دامەزراوە خۆی دایەوە دەست نائامادەیی ڕۆشنبیپری ئەو عەقڵەی نەیتوانیووە لەپەراوێزی بیرنەکردنەوە لە شانۆ و بیرکردنەوە لە سیاسەت ڕزگاری بێت، ئەوە وایکرد خوێندکاران ئەوانەی عەشقی شانۆیان تیایە، خۆیان لەناو گروپە شانۆییەکان ببینەوە، کە کاریگەریان بەسەر هەوڵی مامۆستاکانیان هەبێت، بەو پێیەی  پێیان بڵێن کە ئەوان خاوەنی توانان، ئەوەش وایکردووە مامۆستاکان کاتێك پرۆڤە لەبەرهەمێك بکەن پەنا دەبەنە بەر ئەو خوێندکارانەی لە تیپەکان وەك ئەکتەر دەرکەوتوون.

پەیمانگا لەبڕی ئەوەی شانۆکار بۆ تیپەکان ئامادە بکات، بەپێچەوانەوە دەبینین ئەو گەنجانەی جێی خۆیان دەکەنەوە و بوونی خۆیان دەسەلمێنن، ئەوسا دەبنە جێگەی سەرنجی مامۆستاکانیان، مامۆستاکانی پەیمانگاش بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ خوێندکارەکان ماندوو نەکەن، یان ڕاستر بڵێین ناتوانن تواناکانیان دەربخەن، پەنا دەبەنە بەر ئەوانەی لە تیپەکان و دەرهێنەری تیپەکان توانایان ئاشکرا کردوون، ئەوە پەیمانگا نیە توانای نەوەی نوێ کەشف دەکات، بەڵکو ئەوە شانۆکارانی دەرەوەی ئەو دامەزراوەن، وەك چۆن کاریگەری گروپێکی شانۆیی سەربەخۆ گەلێك لە کاریگەری پەیمانگا زیاترە، ئەوەش سەلماندنی ئەو نهێنیە ساکارەیە کە پێمان دەڵێت ئەو پەیمانگایە نەیتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەرچی چەند ئەزموونێکی لاوانی شانۆ لەم شارەدا توانیان ئومێدێك دروووست بکەن بۆ گۆڕان لە عەقڵیەتی باوی شانۆییمان، بەلاّم نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی ئەو ئەزموونانەی لەشوێنی خۆیدا هێشتەوە، ئەوە جگە لەوەی هەر هەوڵێکی سەرەتایی درابێت لەناو نائامادەبوونی ئاگاییەکی شانۆییەوە بووە، ئەوەش هەستکردن بووە بە کەلێنی ئەو قۆناغەی نەیتوانی گۆڕان بخولّقێنێت، بۆیە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی گروپێکی ئەزموونکاری یەکێك بوو لە پێداویستیەکانی ئەو قۆناغە، بە لە دایکبوونی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) ئەو خەونەمان هێنایە دی، بۆئێمەی ئەندامانی ئەو تیپە بەر لەهەر شتێك زەمینەیەکە بۆئەوەی بتوانین ڕێکخەرێك بۆ ئەزموونەکان بنیات بنێین، دیارە بەر لە ئێمە چەندین هەوڵی ئەزموونی لەو قۆناغە دەرکەوتوون، بەلاّم نەبوونی ئاگایی و خوێندنەوەو ئامادە نەبوونی ڕێکخەر نەیهێشتووە ئەزموونەکان درێژ ببنەوە بۆ پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەریمان.

ئەمڕۆ ئێمە ئاسودەیی نادەینە خۆمان بەوەی ئێمە ئەزموونکارین، بەڵکو هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەزموونەکان دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە گەڕان و پرسیار و دۆزینەوە و گومان، ئێمە لەچی ئەزموونکارین؟ ئەوە ئەوپرسیارەیە هەمیشە ئاراستەی خۆمانی دەکەین، ئەزموون بۆ ئێمە هەر لەسەرەتاوە ڕەتکردنەوەی دەسەلاّتی ووشە بوو، ووتمان هەموو شتێك بۆ جولەیە، سەرەنجام ئێمە بەرهەم هێنەری ئەزموونی جەستەیین، بەپێی خاسیەت و

تایبەتمەندی شانۆی ئەزموونگەری، بە پاڵپشتی ئەزموون و لابۆرە شانۆییەکانی جیهان، ئەوە پرۆژەیەکی سەخت بوو، بەڵام پرۆژەیەك سووربوون و کارکردنی بەردەوامیمان کردوویەتی بە واقیع، کارکردنمان لەهەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی توانای خوڵقاندنی ئاگاییەکی شانۆیی بۆ خۆمان بنیاتنا، بۆ بینەرانیشمان ئاگاییەکی جوانکاری خوڵقاندووە، بەوەی پەیوەندی نێوان (هۆڵ) و (تەختەی شانۆ) مان گۆڕی، ئەزموونگەری بۆ ئێمە هاتنە دەرەوە بوو لەبیناسازی شانۆ، ڕووکردنە شوێنەوار و ژوور و ڕووبەری کراوە و خانووی کۆن، کە لەبیناسازیەکی نێو ژیان بیگۆڕین بۆ شوێنێکی شانۆیی، ئەو شوێنە کە ڕۆژگارێك ژیانی تیا بووە ئێستا جگە لە پاشماوەیەکی کۆن هیچی ئەوتۆی تیا نەماوە، ئێمە یادەوەری شوێن دەگۆڕین بۆ پانتایی شانۆ، ئەو تێڕوانینە ئەزموونگەریە نووسینەوەیەکی نوێیە لە پرۆسەی نمایشی شانۆییدا، بەو پێیەی ئێمە نووسینی دەقمان لە کاغەزەوە گۆڕی بۆ جولە، دەقی شانۆیی بە قەڵەم و کاغەز نانووسینەوە، دەق لە بۆشایی و بەجەستەی ئەکتەر لەکاتی پرۆڤە دەنووسرێتەوە. بینەر لەو هاوکێشە ئەزموونکاریەدا بەشێکە لەتەك جەستەی ئەکتەر، هەر بۆیە تاکۆتایی کورسیەکی دەست ناکەوێ لەسەری دانیشێ، بەڵکو جەستەی بینەر و جەستەی ئەکتەر ئاوێتەی یەکتر دەبن و ریتوالی شانۆ پێك دێنن.

لێرەدا دەنگی حیکایەت دێتە ناو ڕووبەری قسەکردن لە شانۆ، بەتایبەت ئەوانەی هەست دەکەن ئەمرۆ هەموو هەوڵە ئەزموونیەکانی شانۆ لەم شارەدا بریتیە لە شانۆکارانی کورد، بۆیە شەڕی کولتوری خۆیان لەتەك ئێمە بە هەڵچوونە سایکۆلۆژیەکانیان دەردەبڕن، نەك هەر هێندەش بەڵکودەیانەوێ پێمان بڵێن ئەوان بەر لە ئێمە هەوڵ و گروپی ئەزموونیان هەبووە لەشارەکەدا، رۆحی حیکایەت لەناو ئەواندا هێندە چالاکانە کار دەکات تا دەگاتە ئەوەی بڵێن هەموو ئەوانەی ئێوە ئەمرۆ ئەنجامی دەدەن ئێمە لە ڕابردوودا ئەنجامیمان داوە، ڕابردوو بۆ ئەوان حیکایەتێکە پڕە لە کارەکتەری یۆتۆپی کە تەنها لەخەیاڵی خۆیان حیکایەتەکە بوونی هەیە، ڕابردوو هەموو شانۆکارەکانی نەوەی کۆن کۆدەکاتەوە، لەبەرامبەر ئەو نەوە نوێیە گرفتی نەتەوەییان نامێنێ بەڵکو گرفتی ئەوان ململانێیە لەتەك ئەو نەوە نوێیەی شانۆ، کە ململانێ ناتوانێ بە قسەکردن بەردەوام بێت، ململانێ دەبێ لەئەنجامی  کارکردنەوە بێت، بەڵام نەوەی حیکایەت تەنیا خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتە وەهمیەکانە، ئەوانەی ڕۆژێك بەناوی شانۆی کوردیەوە لەڕابردوودا کاریان کردووە ئەوە نازانن چوونە پاڵ شانۆکارەکانی نەتەوەکانیتر شەڕکردن نیە لەتەك نەوەی نوێ، چونکە ئەو شەڕەی ئەوان لە کۆڵان و چایخانەکان و ژووری محازەرەکان و پەنا دیوار و ناو بارەگای حزب و ڕاپۆرتە جاسوسیەکان وەك فسکە فسك لەسەر ئێمە دەکرێت، شەڕێکی کولتوری نەتەوە غەیرە کوردەکانە بە ئێمە دەفرۆشرێت، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوان پێویستیان بە قسەکردنە، وەك چۆن ئێمە هەمیشە پێویستمان بە کارکردنە، بەڵام پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەین: ئەگەر ئەوان لە هەشتاکان بەم شێوەیەی ئێستای ئێمە کاریان کردووە، ئەی بۆچی تەنیا لەئاستی قسەکردن و گێڕانەوەی حیکایەتەکانی خۆیان مایەوە، بۆ نەبوون بە کتێب و نووسین، خۆ ئەوان وەك شانۆکارانی کورد لەشارەکەدا گرفتی زمانیان نەبووە، ئەوان بەهۆی عەرەبی بوونیان یا

بەهۆی کارکردنیان بە زمانی عەرەبی دەیانتوانی خۆیان وەك شانۆی عیراقی پێناس بکەن، ئەی بۆ دەرنەکەوتن؟ کارەساتەکە لەوەدایە ئەو قسانەیان تەنها درۆیەکی منالأنە بێت بۆ دەستەواژەی "ئێمە هەین.. ئەزموونەکانی ئێوە کۆنن" ئەگەر ئەوان لەو رۆژگارە بەو شێوەیە کاریان کردبێت، بۆچی نەیانتوانی کاریگەری لەدوای خۆیان بەجیّ بێلن؟ ئەی ئەمرۆ بۆچی بوونە بە کاسێتێکی تۆمارکراو ڕۆژانە حیکایەتی ڕابردوو لیّ دەدەنەوە؟ ئەو پرسیارە پێویستی بە گومان کردن نیە، هێندەی لابردنی دەمامکی ساختەی کولتوریە کە بە دژی هەر هەوڵێکی شانۆیی شانۆکارانی کورد لە شارەکەدا بووەستنەوە، لەو نێوەندە پاشماوەی حیکایەتە کوردیەکانیش خزمەتێکی باش بە یۆتۆپیاکانی ڕابردووی نەتەوەکانی عەرەب و تورکمان دەکەن، بەلأم ئاخۆ ئەو شەڕە کولتوریە توانای ئەوەی هەیە شەپۆلی ئەزمونکاری شانۆکارانی لاو ڕابگرێت؟ ئایا یۆتۆپیاکانی ڕابردوو تاچەند توانای هاتنە ناوەوەی ئەزموونەکانی ئەمرۆی هەیە؟ دیارە ئەو شەپۆڵە ئەزمونکاریەی شانۆکاران کە شەپۆلی بێدەنگیەکی گەورەی شانۆکاری کورد بوو، بەلأم زۆر بەجدی لە کەرکوك دەستی پێکردووە و کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری بەسەر نەخشەی بزووتنەوەی شانۆی کوردی دەبێت، بۆیە نە شەڕی کولتوری و نە یۆتۆپیاکانی ڕابردوو توانای ئەوەیان نیە ئەو شەپۆڵە ئەزموونگەرییە سست بکەنەوە، چونکە لەناو رۆحی شانۆوە سەری هەڵداوە. بە گێڕەرەوەکانی حیکایەت تووشی هیچ سستیەك نابێت.